# تەواوکەری نامە مێژووییەکەی (٣٣) ساڵ لەمەوبەر

**ئا: سەرنووسەر**

*** له ئازاد عەبدولواحیدەوە بۆ د. مارف خەزنەدار(١)**
برای گەورە و دڵسۆز و خۆشەویستم د. مارف ڕۆژباش (٢)

دوای هەواڵ پرسین و سڵاو و ڕێزێکی بێپایان.. هیوام سەرکەوتن و کامەرانیتانە. سڵاوم هەیە بۆ ئەندامانی خێزان، هەر بێوەی بن.

نامە ڕەنگینەکەتانم پێگەیشت، دڵی گەشاندمەوە.(٣)

گۆڤارەکەمان ناوناوە (نێڵە)(٤)، نازانم تۆ بەلاتەوە چۆنە؟ هیچ ناوێکی بەدیلی ئەوەت هەیە، یان وەکوو خۆی بمێنێتەوە؟

یەکێک لە پارتە سیاسییە نەتەوەییەکان(٥) کە خاوەنی چاپخانەن(٦) لەم دواییە بێ کاغەزی و پێداویستی چاپخانە پەکی خستبووین(٧) لە وەستانی چاپکردنی گۆڤارەکە(٨)، وا ئێستا لە ڕێگەی تورکیاوە کاغەز و پێداویستییان دابینکردووە، ئیتر ئەکەوینە خۆمان (و) گۆڤارەکە ئەخەینە ژێر چاپەوە(٩)، نیاز وایە وەرزی بێت(١٠)، بە شانازییەوە چاوەڕێی بەرهەمە ڕەنگینەکانت دەکەین(١١).

ئەم کتێبەی (دۆن کیشۆت)، هی کاک تاریق جامبازە، پێش ڕاپەڕینەکە لەلام بوو(١٢)، لە ڕاپەڕین کە مۆزەخانەیان تاڵان کرد، ئەو کتێبەش برابوو، وا ئێستا بە هەزار حاڵ دەستم کەوتەوە(١٣)، وایان زانیبوو قورئانە، نەیان ئەهێنایەوە نەوەکوو دزییەکانی تریشیان بکەوێتە ڕوو، لە شتەکانی تر خۆش بووم تاکوو ئەو کتێبە ئەمانەتەم دەست کەوێتەوە، وا ئێستا نەموێرا بە دەستی ئەدیب و هونەرمەند بینێرمەوە،(١٤) لە ترسی دەست بەسەردا گرتن، بە دەستی ئەو خوشکە (سەمیرەخان)(١٥) کە سکرتێرەیە لای د. خوسرەو شاڵی ناردمەوە بۆ جەنابت، بەڵکوو بە ئەرکی نەزانی بیدەیتەوە بە کاک تاریق جامباز، داوای لێبوردنیشی لێ دەکەم لە دواکەوتنی.(١٦)

لە کاتی خۆیدا بڕیار بوو- ئەگەر لە بیرت مابێ - دانەیەک لە کتێبەکەت (کێش و قافیە لە شیعری کوردی)، لەگەڵ کتێبی (الأستشراق)(١٧) کە جامیعەی بەغداد بۆی چاپ کردبووی، بۆم پەیدا بکەی، چونکە ئەو دوو کتێبەتم نییە، بە تایبەتی یەکەمیان من پێویستم پێی دەبێت، ئیتر خۆشیت ئاواتمە.(١٨)

**ئیمزا**
**برای دڵسۆزت**
**ئازاد عەبدولواحید**
**سلێمانی- ١٩٩٢/١/٢٩**

**پەراوێزەکان:**


(١) کاتـی خـۆی ئـەم نامەیـە و چەنـد نامەیەکـی دیکەشـم لـە هەولێـر و سـلێمانییەوە بـۆ د. مـارف خەزنـەدار، بـۆ بەغـدا و لـە سـلێمانییەوە بـۆ هەولێـر و جەزائیـر نـاردووە، لـەو کاتـەدا کـە لـە عەنابـە مامۆسـتای زانکـۆ بـوو.

(٢) بـە هەمـان شـێوە، د. مـارف خەزنـەدار لـە بەغـدا و هەولێـر و جەزائیـرەوە، نامـەی بـۆ ڕەوانـە کردووم، بەشـێکی ئـەو نامانـەم، لەچەند ژمارەیەکـی گۆڤـاری (ڕامـان)دا بڵاوکردووەتـەوە.

(٣) لـە ژمـارە (٣٣٠)ی گۆڤـاری (ڕامـان)دا کـە لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢٥/٣/٥دا دەرچـووە، پێـش ئـەو نامەیـەی ئێسـتا، نامەیەکـم لـە سـلێمانییەوە بـۆ د. مـارف خەزنـەدار ناردبـوو، بەناوونیشـانی: نامەیەکـی مێژوویـی گرنـگ، تەمەنـی پتـر لـە (٣٣) ساڵە بڵاوکـردەوە، لەوێـدا پـەراوێـز و ڕوونکردنەوەیەکـی زۆرم لەبارەیـەوە نووسـیبوو. نامـەی یەکـەم لـە ١٩٩٢/١/٣، نامـەی دووەم لـە ١٩٩٢/١/٢٩ نووسـراوە، دیـارە کـە زانیومـە ئـەو ئافرەتـە (سـەمیرەخان) زوو زوو دەڕواتە هەولێـر، منیـش خێـرا و بەپەلەپـەل نووسـیومن تـا بیانگەیەنێتـە دەسـتی د. مـارف خەزنـەدار، لـە نامـەی دووەمیشـدا ڕوونکردنـەوەی زۆرتـرم سـەبارەت بـە دەرکردنـی گۆڤارەکـە و چەنـد لایەنێکـی دیکـەی ناوەرۆکـی نامـەی یەکـەم بـۆ نووسـیوە.

(٤) دیـارە ئـەو گۆڤـارەی نیـازم بـوو دەری بکـەم، نـاوی (نێڵـە)م بـۆی هەڵبـژاردووە. نێڵـەی ئاگـر، دەنگـی ئاگـر کـە پێـی دەوتـرێ نێڵـە. ئـەو کاتـە بەهـۆی سـەرگەرمی و گەرموگـوڕی و حەماسـەتی ڕاپەڕیـن، ئـەو نـاوەم بـە گونجاو زانیـوە. لـە نامـەی دووەمـدا پرسـیار لـە د. مـارف خەزنـەدار دەکـەم و بـۆم نووسـیوە: (نازانـم بـە لاتـەوە چۆنـە؟!) لـەوەدا ویسـتوومە پرسـوڕای پـێ بکـەم، بزانـم ئـەوەی بـە دڵـە، یـان ناوێکـی دیکـەی بـە خەیاڵـدا دێ، چونکە بیـروڕای ئـەوم بـەلاوە گرنـگ بـوو، هەروەهـا بـۆم نووسـیوە: (هیـچ ناوێکی بەدیلـی ئـەوەت هەیـە، یان وەک خـۆی بمێنێتـەوە)، داوام لـێ کـردووە ئەگـەر ناوەکـەی بـە دڵ نییـە پێشـنیاری نـاوی دیکـەم بـۆ بکات تـا ببێتـە بەدیلـی ناوەکـەی بۆم داناوە، ئەگـەر بـە دڵیشـی بـوو، ئـەوە ناوەکـە وەک خـۆی بمێنێتەوە.

(٥) ئامـاژەم بـۆ (یەکێـک لـە پارتـە سیاسـییە نەتەوەیییـەکان) کـردووە، کە پاڵپشتی لە دەرکردنی ئەو گۆڤـارە دەکات، مەبەسـتم لێـی (پارتـی سۆشیالیسـتی کـورد- پاسۆک)ـە، کـە پێشـتر سەرگوزەشـتەی کڕینی چاپخانەکـە و باسـی دەرکردنـی گۆڤارەکـەم لەگـەڵ ڕەوانشـاد مـولازم سـەید کەریـم کـردووە، ئەو پێشـنیارەم یەکـەم جـار لـە بـارەگای سـەرەکییان لـە قەڵاچـوالان خسـتە بەردەمـی، هـەر ئـەو ڕۆژە بـە ئۆتۆمبێلەکـەی ئـەو هاتینـەوە سـلێمانی و لـە بارەگاکـەی دیکـەی پاسـۆک کـە بەرانبـەر لقی چـواری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لای فولکـەی کاوە بـوو، بـە ئامادەبوونـی هەریەکـە لـە بەڕێـزان: مـولازم شـوان و مـوژدە عـارف و غانـدی ئەنـوەر توفـی و بەختیـار شـەوکەت و م.


برای گەورەو دڵسۆزو خۆشەویستم
د. مارف - زۆر باش
دوای هەواڵ پرسین و سڵاو و ڕێزێکی بێ پایان ..
هیوام سەرکەوتن و کامەرانیتانە .. سڵاوم هەیە بۆ
ئەندامانی خێزان .. هەر بژین ..
نامە ڕەنگینەکەتانم پێ گەیشت .. دڵی گەشاندمەوە ..
گۆڤارەکەمان ناوناوە (نێڵە) نازانم تۆ بە لاتەوە چۆنە .. ؟
هیچ ناوێکی بەدیلی ئەوەت هەیە یان وەکو خۆی بمێنێتەوە .. ؟
یەکێک لە پارتە سیاسییە نەتەوەییەکان کە خاوەنی چاپخانەن [illegible]
[illegible]
سلێمانی ١٩٩٢/١/٢٩

فەرهاد و م. هادی و حەمەی ئامۆزا ئەو پێشنیارەی منی خستە بەردەمی ئەو برادەرانەوە، ئەوانیش کە ڕوونکردنەوە و پێشنیارەکەیان لە خۆم بیست، زۆر بەلایانەوە پەسند بوو، وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بە تێروتەسەلی لەگەڵیان بۆم باس کردن، مولازم کەریم کە خۆشحاڵی خۆی بۆ دەرچوونی وەها گۆڤارێک دەربڕی، هەر ئەو کاتە داوای لێ کردم لە چاپخانەکان پرسیاری تێچووی گۆڤارەکە بکەم، من کە دامنابوو گۆڤارەکە (١٠) مەلزەمە، (١٦٠) لاپەڕە بێ، هەر ئەوکاتە چوومە ئەو چاپخانانەی لە سلێمانی هەبوون و پرسیارم لێ کردن، کە لێکیان دایەوە، بەهۆی گرانیی کەلوپەلی چاپەمەنییەوە، بە پیت لێدان (بەلانیۆ تایپ) و دیزاین و ڕاکێشانەوە، داوای (٤٠) هەزار دیناری سویسرییان دەکرد، کە وەڵامی داواکەی (مولازم کەریم)م هێنایەوە و بە بڕی تێچووەکەیان زانی، هەموومان پێمان وابوو پارەی تێچووەکە زۆرە، هەر لەو دانیشتنەدا بوو پێشنیاری کڕینی چاپخانەکەی ئیسماعیل حەمە سوورم بۆ کردن کە پێش ڕاپەڕین یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بوو، ئەو کاتە بەهۆی ڕاکردنی لە سلێمانی، ڕووی لە شاری کەرکووک کردبوو، کەسوکارەکەی ڕاسپاردبوو چاپخانەکەی بۆ بفرۆشن. من کە بیستم ئەو چاپخانەیە بۆ فرۆشتن دانراوە، عەرزی مولازم کەریم و هاوڕێیانم کرد، ئەوانیش پێشنیارەکەی منیان زۆر پێ باش بوو بۆ ئەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی خۆیانی پێ لە چاپ بدەن، ئەوەبوو ڕووی کردە م. فەرهاد و حەمەی ئامۆزا و بۆ کڕینی چاپخانەکە ڕایسپاردن، داوای لە منیش کرد هاوکارییان بکەم.

(٦) نووسیومە (کە خاوەنی چاپخانەن)، چاپخانەکەش هەر ئەو چاپخانەیەیە کە دوایی بەناوی چاپخانەی شەهید ئازادەوە ناونرا، کڕینی چاپخانەکەش لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبی: (بەرەو یەکگرتنەوەی دامەودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی)دا باس کراوە، چاپی کتێبەکەشم کەوتە ساڵی ١٩٩٢، دەنا هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە بابەتەکەم نووسیبوو، سەرەتا دانرابوو بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی (سەربەخۆیی)دا بڵاو بکرێتەوە، بڕوانە پێشەکی چاپی دووەم، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە بەیرووت چاپ کراوە، لەوێ لە لاپەڕەکانی ٧ تا ١٧، باسی کڕینی ئەو چاپخانەیەم کردووە.

(٧) لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە بەهۆی گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر هەموو عێراق و گەمارۆی عێراقیش لەسەر کوردستان، کەرەستەی چاپەمەنی (کاغەز و مرەکەب و پلێت و تاد...) زۆر کەم بوو، هەموو ئەو کەلوپەلانەش بە دۆلار (عملة صعبة) دەفرۆشران، لەبەر ئەوەی دۆلار بەرانبەر دیناری عێراقی بەهاکەی زۆر بەرز بوو، بۆیە ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی چاپەمەنی زۆر گران بوون، بۆیە لە نامەکەدا وەک موژدەیەک بە د. مارف خەزنەدارم ڕاگەیاندووە کە لە ڕێگەی تورکیاوە خەریکە ئەو کەرەستە و پێداویستیانەی چاپەمەنی دابین دەکرێن.

(٨) هەر نەبوونی، یان گرانیی کەرەستەکانی چاپەمەنی بووبووە هۆکاری وەستان و چاپ نەکردنی گۆڤارەکەمان و دواکەوتنی، بۆیە گوتوومە خەریکن لە ڕێگەی تورکیاوە کاغەز و پێداویستییەکان دابین دەکرێن.

(٩) بەگەیشتنی کەرەستەکان نووسیومە: (ئیتر دەکەوینە خۆمان (و) گۆڤارەکە ئەخەینە ژێر چاپەوە)، لێرەدا دیارە کە درەنگ کەوتن و دواکەوتنی دەرچوونەکەی پێوەندی بە نەبوونی کەرەستەی چاپەوە هەیە، بەدابینکردنی کەرەستەکانی چاپ، دوو پیتچنیان بۆ چاپخانەکە هێنا و کەوتنە پیتچنینی دوو کتێب، یەکەمیان کتێبی (بەرەو یەکگرتنەوەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کورد)ی من و کتێبی (نەتەوە و نەتەوایەتی) ی ڕەوانشاد ئازاد مستەفای سکرتێری پێشووی پاسۆک، لەبەر ئەوەی پیتەکانی چاپخانەکە لە قاسەدا بوون و دەبوو بە دەستی کۆ بکرێنەوە، بۆیە کارەکان زۆر سست و خاو بەڕێوە دەچوون، لەبەر ئەوە فریای دەرکردنی ژمارە (١)ی گۆڤارەکە نەکەوتین، لە پڕ بینیمان بارودۆخی سیاسیی کوردستان بە گشتی و سلێمانی

بە تایبەتی تێک چوو و ناکۆکی سەری هەڵدا، بەمەش هەموو خەون و خۆزگەکانی لەگەڵ خۆی پێچایەوە.

(١٠) ئەوە دیاری کراوە کە دەرکردنی گۆڤارەکە بەشێوەی وەرزی دەبێ.

(١١) جارێکی دیکە لەو نامەیەدا پێداگریم لەناردنی بەرهەمی د. مارف خەزنەدار کردووەتەوە.

(١٢) باسی کتێبی (دۆن کیشۆت)ی سرڤانتس-م کردووە کە هی تاریق جامباز بوو، لە پێش ڕاپەڕین بە چەند مانگێک لە هەولێر بووم، لێم وەرگرت بیخوێنمەوە، دیارە لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینەکەوە موزەکەمان (مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری) کە من لەوێ فەرمانبەر بووم بە بەر شاڵاوی تاڵان و بڕۆ کەوتبوو، بەو هۆیەوە ئەو کتێبەش کە لە چاوی مێزەکەی مندا بوو، بۆیە لەوێم دانابوو، چونکە چاوەڕێ بووم کەسێک بچێتە هەولێر، یان کەسێک لە هەولێرەوە بێتە لام کتێبەکەی بدەمێ بۆمی بگەیەنێتە هەولێر و بیداتەوە تاریق جامباز.

(١٣) دیارە لەو نامەیەدا ئەوەم بە بیر هاتووەتەوە، بۆیە نووسیومە (وا ئێستا بە هەزار حاڵ دەستم کەوتەوە)، چونکە کە من مێزەکەی خۆم بە دەستیانەوە بینی خەریکن دەیبەنە دەرەوە، سەرەتا کە باسی کتێبەکەم لەگەڵ کردن، پێش ئەوەی وەڵامم بدەنەوە، من بە هەڵەداوان چوومە ژوورەوە ڕێیان لێ بگرین زیاتر دەستکاری کەلوپەلی موزەکە نەکەن و زیانی پێ نەگەیەنن، چونکە بینیم چەند تراکتۆر و تویۆتای فەلاحییان لەبەر دەرگا ڕاگرتبوو، کە لە ژوورەوە هاتمە دەرەوە، مێزەکە نەمابوو، سەرەتا وامزانی بە ئۆتۆمبێل بردوویانە، دواتر زانیم مێزەکە و هەندێ کەلوپەلی دی دەرودراوسێکان بردوویانە، ئەوان وایانزانیبوو قوڕئانە، بۆیە نەیان دەدامەوە، نەوەک بە چوونە ژێر باری گەڕانەوەی ئەو کتێبە، دزینی کەلوپەلەکانی دیکەیان لەسەر ئاشکرا بێ، هەرچەندە سووربوو دەمزانی کەلوپەلی موزەکەیان لەلایە و بردوویانە، تا تێم گەیاندن کە ئەو کتێبە سوودی بۆ ئەوان نییە و دواجار دەستم کەوتەوە.

(١٤) نووسیومە (نەموێرا بەدەستی ئەدیب و هونەرمەند بینێرمەوە، لەترسی دەست بەسەردا گرتن)، ناهەقم نەبوو ئەو ترسەم هەبێ، چونکە پێشتر لەژیانی خۆمدا زۆر جار ڕووی داوە کتێبم بە ئەدیب و هونەرمەندان داوە داگیریان کردووە و بۆیان نەگەڕاندوومەتەوە، بۆیە بەدەستی ئەو ئافرەتە کریستیانەی دراوسێمان بۆ د. مارف خەزنەدارم ناردەوە.

(١٥) ڕاستییەکەی ئەو ئافرەتە کریستیانە فریشتەیەک بوو خوا بۆ منی ڕەخساندبوو تا وەک کەسێکی متمانە پێکراو ئەو کار و ئەرک و پەیامانەی پێدا بنێرمە هەولێر کە بەهۆی وەزیفەکەیەوە بەردەوام هاتوچۆی ئەو شارەی دەکرد، چونکە سکرتێری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، د. خەسرەو غەنی شاڵی بوو.

(١٦) لەڕێی د. مارف خەزنەداریشەوە داوای لێبوردنیشم لە تاریق جەمباز کردووە، کە بەهۆی ڕووداوەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ناردنەوەی کتێبەکە دواکەوت.

(١٧) دواتر د. مارف خەزنەدار کتێبی (الأستشراق)ی بۆ ناردم کە زانکۆی بەغدا بۆی چاپ کردبوو، بەڵام کتێبی دووەم کە تەنیا (١) دانەی مابوو، قەول وابوو بۆم لەبەری بگرێتەوە، بەڵام ئەوە ڕێک نەکەوت، زۆر جاریش داوام لێ دەکرد ئەو کتێبەی چاپ بکاتەوە.

(١٨) دوای بڵاوبوونەوی نامەکەی من، لە تەک نامەی چەندان نووسەری دی، زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کە نامەکانی بۆ د. مارف خەزنەدارم ناردووە، لە ئەرشیڤە دەوڵەمەندەکەی خۆیدا پارێزراون. وەک چۆن کردبوویە عادەت هیچ پەڕە کاغەزێک، تەنانەت هیچ کوتە کاغەزێک لەلای نەدەفەوتان و زۆر بە بایەخەوە لەلای خۆی تەقەتی دەکردن و دەیپاراستن، بۆیە پێوەندیم بە د. بنیاد خەزنەداری کوڕییەوە کرد کە لە ئەرشیڤەکەی باوکیدا بگەڕێ، تا لەناویاندا نامەکانی دیکەی من بدۆزێتەوە و لەبەریان بگرێتەوە و بۆمیان ڕەوانە بکا و کەڵکیان لێ وەربگرم، ئەویش بە سپاسەوە ئەو ئەرکەی بۆ بەجێ گەیاندم و زۆر خەمخۆرانە و بە پەرۆشەوە بە پیر داواکەمەوە هات و ئەو نامەیەی بۆ دۆزیمەوە و هەر زوو وێنەی لەبەر گرتەوە و بۆی ناردم.